ناوەڕۆکەکی سودانی لەبارەی هێرشەکەی ئێران: هێشتا گونجاو نییە لەگەڵ قووڵایی پێوەندییەکانی هێردوولا

خالد یەعقوبی ناوەڕۆکاری محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیران بە کاروباری ئاسایش رایگەیاند، بڕدومانەکەی شەوی دوشەممەی سەر چەند ناوچەیەکی شاری هەولێر هێشتا گونجاو نییە لەگەڵ قووڵایی پێوەندییەکانی هێردوولا.

خالد یەعقوبی لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، "بڕدومانکردنی هەولێر کردەوەیەکی تاکلایەنە بوە کە لەلایەن ئێرانەوە ئەنجامدراوە و نوێنەرایەتی پشلکارییەکی گەورەی سەروەری عێراق دەکات".

ئاماژەی بەوەشکرد، "دەستوری عێراق ڕێگە بە بونی گروپە چەکدارەکان نادات کە هەڕەشە لە وڵاتانی دراوسێ دەکەن، هەروەها ڕێگە نادات خاکەکەی ببێتە مەیدانی دەستدرێژی بە سەر هیچ وڵاتێکی دراوسێ، حکومەتی ئێرانیش عێراقی ئاگادار نەکردۆتەوە سەبارەت بە بڕدومانەکەی ئەم دواییە".

راوێژکارەکەی سودانی دەشێت، "ئەگەر بەڵگە لە لایەنی ئێرانییەوە هەبوایە لەسەر بونی نوسینگەکانی مساد لە هەولێر، دەبو ئادەستی حکومەتی عێراق بکرایە، حکومەتی عێراقیش لەم ڕوەوە بدەنگ ناوەستێت، بێیە پاساوەکانی ئێران بە ئەنجامدانی بڕدومانەکە بەس نین".

خالید یەعقوب جەختیشیکردەوە، "هەوڵدەدەین عێراق دور بێت لە هەر هێزێکی دەرەکی، بەو پێیەی لەگەڵ ئەمریکا چوینە ناو دانوستانێکی جددی و ڕێگایەکی زۆر نایابمان بەو ئاراستەیە بێی، بەڵام ئەم ڕوداوانە زیانی بە ئەو دەسیەیە هەیە و دوایدەخات کە عێراق کار لەسەر ئەوە دەکات هێزە بیانیەکان بکشێنەوە".